# شارەزایی خوێندنی قورئانی پیرۆز

حبيب محمد سعيد

منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

# شارەزایی خوێندنی

# قورئانی پیرۆز

حبیب محمد سعید

بسم الله الرحمن الرحيم


❖ ناوی نامیلکە : شارەزایی خوێندنی قورئانی پیرۆز

❖ دانەر : حبیب محمد سعید

❖ چاپ : سێهەم

❖ ساڵی چاپ : ١٤٢٧ك ❁ ٢٠٠٦ ز

❖ تیراژ : ١٠٠٠ دانە

❖ کۆمپیوتەر : سۆز

❖ چاپەمەنیی : کاربین لە سلێمانی

# پێشکەش

پێشکەش بێت بە خونچە تازە پشکوتووەکان و قوتابی‌یە دڵ گەشەکانی قورئانی پیرۆز .. ئەوانەی کە ئیسلام ئەکەنە ڕێبازی ژیانیان و دوارۆژێکی مەردانە بۆ ئادەمیزاد بەدەست دێنن ..

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وعلی آله وأصحابه أجمعين ..

وا بە کۆمەکیی خوا نامیلکەی ( **شارەزایی خوێندنی قورئانی پیرۆز** ) بەم چاپە تازەیەی ئەخەینە بەر دەست کۆرپەکانی کوردستان لە هەرکوێ هەن ، تا شتێك لە شێوازی خوێندنی رێك و پێکی قورئان فێر بن .

کاتێك کە ویستم ئەم چەند دێڕە بنووسم بە ئەندێشە گەڕامەوە بۆ ساڵی ( ۱۹۸۰ ) ی زایینیی ، ئەو ساڵەی کە ئەم نامیلکە خنجیلانەیەمان تیا نووسیی .. ئای کە رۆژانێکی خۆش بوون .. هەرچەندە شارەزا و خوێنەری قورئان کەم بوون .. بەڵام کۆرپەکان لە هەموو گۆشەیەکەوە روویان ئەکردە مزگەوتەکان بۆ قورئان خوێندن .. دڵە پاکەکان شەیدای قورئان بوو بوون .. حەزیان نەئەکرد شەو بێت و ، ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە .. هی وایان هەبوو لە مزگەوت ، بەسەر

قورئانەکەوە خەوی پیا ئەکەوت و ، بەبێ ئاگا سەری
ئەنایە ناوەڕاستی قورئانەکە و ، بە عەرەقی دەم و چاوی
قورئانەکەی ئەخووساند . لەو لاوە کەس و کاریان بەگلەیی
بوون : کوا کوڕەکانمان ؟!

ئای کە ڕۆژانێکی زێڕین بوون .. لاوە خوێن گەرمەکان
کە نامیلکەیەکی تازەی ژیانی هاوەڵانیان بەردەست
ئەکەوت دڵیان نەئەهات یەکەم جار بە ڕۆژی ڕووناك
بیخوێننەوە ، بەڵکو هەڵیان ئەگرت تا دوای
شەونوێژەکەیان بەوپەڕی لەزەتەوە بیخوێننەوە و ،
نامیلکەکەش بە فرمێسك تەڕ بکەن !!!

سوپاس بۆ خوا ، هەرچەندە بە کۆمەڵ قورئانمان بۆ
کتێبخانەی مزگەوت ئامادە ئەکرد ، بەشی جگەر
گۆشەکانیان نەئەکرد ، تا قورئانەکەیان لەبەر بکەن ..

ئەو ڕۆژانە بە دڵێکەوە ئەچووین بۆ مزگەوت کە پڕ لە
ئیخلاص و نییەتی پاك بوو .. هیچ بەرژەوەندییەکی
دنیایی لە ئارادا نەبوو .. کەس ڕقی لە کەس نەبوو ..
کەس پاشقولی لە کەس نەئەگرت .. هەمووی بۆ خوا و
لەبەرخوا هات وچۆی مزگەوتی ئەکرد ..

بەڵام بە داخەوە سیاسەت و حیزبایەتیی و بەرژەوەندیی بازیی قورئان و سوننەت و مزگەوتیان لە یادی ئەو خەڵکە پاکە بردنەوە .. نییەت و ئیخلاص وەك جاران نەمان .. دەستە و تاقمە پەیدا بوون .. قورئان پشت گوێ خرا .. مزگەوتەکان چۆڵ بوون .. تۆ بڵێی قورئان خەڵکەکەی دەرکرد !!

مزگەوتەکان ماودیان نەدا دنیاویستان لەوە زیاتر مزگەوت و پەیامی مزگەوت ناشیرین بکەن !!

کەس نەیباتە سەر خۆی .. هەموومان وامان کرد .. کێ خۆی بە پاك ئەزانێ ، با خۆی جیا نەکاتەوە ، بەڵکو خوای گەورە هەموومان ببەخشێ .. قورئانەکان تۆزیان لەسەر نیشتووە .. مزگەوتەکان چۆڵ بوون ..

بە داخەوە کارێکی جوانی ئیمانیی و قورئانیی پڕ بەرەکەت دەستی پێ کرا ، بەڵام بە بۆنەی سادەیی موسڵمانانەوە کرایە کارێکی دنیایی نزم و بێنرخ و بێبەرەکەت ..

با داوا لە خوا بکەین دڵەکانمان لە ژەنگ پاك بکاتەوە.. با بە هەموومانەوە دوعا بکەین خوا هیدایەتمان

بداتەوە ، دڵمان بۆ خزمەتی قورئان و ، خوێندنی قورئان و ، لەبەرکردنی قورئان و ، ڕەفتارکردن بە قورئان نەرم بکات.. خوا لە فێڵی دەست بڕ و دین فرۆشان بەدوورمان بگرێ .. ئامین ..

**سلێمانیی**

٢٩/ ڕەبیعی یەکەم / ١٤٢٥ ك

١٩/ مایس / ٢٠٠٤ ز

# پیتی قەمەریی و شەمسیی

پیتەکانی زمانی عــەرەبیی کـە ( ٢٨ ) پیـتن جگـە لـە (ألف) ، ( ١٤ ) یان قەمەریین و، ( ١٤ ) شیان شەمسیین .

## پیتە قەمەرییەکان ئەمانەن :

( همزة ، باء ، جیم ، حاء ، خاء ، عین ، غین ، فاء ، قاف ، کاف ، میم ، هاء ، واو ، یاء ) .

## پیتە شەمسییەکانیش ئەمانەن :

( تاء ، ثاء ، دال ، ذال ، راء ، زای ، سین ، شین، صاد ، ضاد ، طاء ، ظاء ، لام ، نون ) .

## بۆچیی ئەم پیتانە وا ناو نراون ؟

کۆمەڵەی یەکەم واتــە قەمەرییــەکان ، لــە پیتــی (قاف ) ی وشەی ( القمــــر ) دەچـن کـە وا لامـی وشـەی (القمر ) دەخوێنرێتەوە و قافەکەش شەددەی نییە .

بەڵام کۆمەڵەی دووهەم واتە شەمسییەکان ، لـە پیتـی (شین ) ی وشەی ( الشمس ) ئەچن کە لامی (الشــمس ) ناخوێنرێتەوە و شینەکەش شەددەی وەرگرتووە.

نموونه لەسەر قەمەرىيەكان يەك لە دواى يەك :

( هو الأبتر ، هذا البيت ، من الجنة ، حمالة الحطب ، الخناس ، في العقد ، الغفار ، برب الفلق ، والقمر ، الكافرون ، المسكين ، الهاوية ، الوسواس ، اليتيم ) .

با لەسەر پيتە شەمسىيەكانيش نموونە بهێنينەوە :

( ألهكم التكاثر ، الثواب ، بالدين ، والذاريات ، إلى ربك الرجعى ، ويؤتوا الزكوة ، وأما السائل ، رحلة الشتاء ، الله الصمد ، والضحى ، والطارق ، إن الظالمين ، والليل ، برب الناس ) .

پاشان ئەو لامانەى كە پيتى قەمەريى بە دوايان دا دێت پێيان ئەوترێت لامى قەمەريى و ، ئەو لامانەش كە پيتى شەمسيى بە دواياندا دێت پێيان ئەوترێت لامى شەمسيى .

## تێبينى :

لە قورئاندا لامى قەمەريى سكوونى بۆ دياريى كراوە، بەڵام لامى شەمسيى بۆى دياريى نەكراوە .

# إدغام

واتە : تێهەڵکێشان ، کە بریتی‌یە لە تێکەڵبوونی پیتێکی زەنەدار ( ساکن ) و یەکێکی تری جوولاو ( متحرك ).

پیتەکانی ( إدغام ) شەشن کە وشەی ( يرملون ) یان پێك هێناوە .

## کەی إدغام روو دەدات ؟

کاتێ ( تەنوین ) یا ( نوونی زەنەدار ) یەکێ لە پیتەکانی ( إدغام ) ی بە دوادا بێت .

تەنوین بریتی‌یە لە نوونێکی ( ساکن ) کە دوای ( ضمه ) یا ( فتحه ) یا ( کسره ) لە کۆتایی وشەدا دەردەکەوێ. وەك :

رسولٌ ، رسولاً ، رسولٍ .

دوای ئەوە با بەپێی توانا لە قورئانی پیرۆزدا نموونە بهێنینەوە . یەکەم جار بۆ نوونی ساکن پاشان تەنوینی مەضموم و مەفتوح و مەکسور .

| پیتەکانی ادغام | نموونە | سوورەت / ئایەت |
| --- | --- | --- |
| | ياء | |
| نوونی ساكن + ي | لَّن يَقْدِرَ | البلد / ٥ |
| تنوینی مضموم + ي | وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ | الغاشية / ٢ |
| تنوینی مفتوح + ي | خَيْرًا يَرَهُۥ | الزلزلة / ٧ |
| تنوینی مکسور + ي | يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ | الزلزلة / ٤ |
| | راء | |
| نوونی ساكن + ر | أَن رَّءَاهُ | العلق / ٧ |
| تنوینی مضموم + ر | سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ | الغاشية / ١٣ |
| تنوینی مفتوح + ر | أَبَدًا رَّضِيَ ٱللَّهُ | البينة / ٨ |
| تنوینی مکسور + ر | عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ | القارعة / ٧ |
| | میم | |
| نونی ساكن + م | مِّن مَّسَدٍ | المسد / ٥ |
| تنوینی مضموم + م | حَبْلٌ مِّن | المسد / ٥ |
| تنوینی مفتوح + م | صُحُفًا مُّطَهَّرَةً | البينة / ٢ |
| تنوینی مکسور + م | كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ | الفيل / ٥ |
| | لام | |

| | | |
|---|---|---|
| نون ساكن + ل | يَكُن لَّهُۥ | الإخلاص / ٤ |
| تنوين مضموم + ل | فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ | الماعون ٤ |
| تنوين مفتوح + ل | أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا | الزلزلة ٦ |
| تنوين مسكور + ل | يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ | العاديات / ١١ |
| | واو | |
| نون ساكن + و | مِن وَرَآئِهِم | البروج / ٢٠ |
| تنوين مضموم + و | خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ | الإنسان / ٢١ |
| تنوين مفتوح + و | مَالًا وَعَدَّدَهُۥ | الهمزة / ٢ |
| تنوين مكسور + و | لَهَبٍ وَتَبَّ | المسد / ١ |
| | نون | |
| نون ساكن + ن | مِن نِّعْمَةٍ | الليل / ١٩ |
| تنوين مضموم + ن | عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ | الغاشية / ٣ |
| تنوين مفتوح + ن | عِظَامًا نَّخِرَةً | النازعات / ١١ |
| تنوين مكسور + ن | يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ | الغاشية / ٨ |

**تێبینیی :**

١ ـ بۆ پێك هاتنی ( إدغام ) دەبێ نونی نەجووڵاو و پیتی ( یرملون ) ەكە لە دوو وشەدا بن ، نەك هەر دووكیان لە یەك وشەدا وەك : دنیا ، قنوان ، صنوان ، عنوان ، ئەمانە إدغام ناكرێن .

٢ ـ كاتێ سەرنجی قورئانی تەجوید كراو بگریت لە بارەی ( إدغام ) ەوە ئەمانەت بۆ روون نەبێتەوە :

أ ـ نونی ساكن كە ( إدغام ) یان ( إخفاء ) كرابێ سكوونی بۆ نەكراوە .

ب ـ تنوینی مضموم دوو ضمەكەی یەك لە دوای یەك نووسراون ، وەك : ــُــُ

ج ـ تنوینی مفتوح ومكسور ، دوو فتحە یان دوو كسرەكەیان فیچ كراون : ــَــَ ، ــِــِ

د ـ پیتانی إدغامی ( ر ، م ، ل ، ن ) كاتێ ادغام كراون شەددەیان وەرگرتووە ، بەڵام پیتانی ادغامی ( ی ، و ) شەددەیان وەرنەگرتووە . ئەوە دەگەیەنێ نابێ زمان توند بكەینەوە ، بەڵكو دەبێت بەم شێوەیە بێت :

( لَهَبٍ وَتَبَّ ) ، ( شَرًّا يَرَهُ ) .

جگە لە کۆمەڵەی پیتەکانی ( یرملـون ) سێ جۆری تـر إدغامان هەیە :

## یەکەم :

إدغامی (( دوو پیتی وەك یەك )) (متمـاثلین ) ، ئـەم إدغامە واجبە :

| پیتەکانی إدغام | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| بانی ساکن + بانی متحرك | وَلَايَغۡتَب بَّعۡضُكُم | الحجرات / ١٢ |
| لامی ساکن + لامی متحرك | أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ | البلد /٨ |
| میمی ساکن + میمی متحرك | وَءَامَنَهُم مِّنۡ | قریش / ٤ |
| دالی ساکن + دالی متحرك | وَقَد دَّخَلُواْ | المائدة / ٦١ |
| فانی ساکن + فانی متحرك | فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِ | الإسراء / ٣٣ |
| ذالی ساکن + ذالی متحرك | إِذ ذَّهَبَ | الانبیاء / ٨٧ |
| عینی ساکن + عینی متحرك | تَسۡطِع عَّلَيۡهِ | الكهف / ٨٢ |
| واوی ساکن + واوی متحرك | أَو وَّزَنُوهُمۡ | المطففین /٣ |

## دووهەم :

إدغامی (( دوو پیتی لە یەکەوە نزیك )) ( متقـاربین ) .

لێرەدا یەکەم نامێنێت و دووەم شەددە وەردەگرێت .

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| ثاء + ذال | يَلۡهَث ذَّٰلِكَ | الأعراف /١٧٦ |

| | | |
|---|---|---|
| باء + میم | أَرْكَب مَّعَنَا | هود / ٤٢ |
| قاف + كاف | نَخْلُقكُّم | المرسلات / ٢٠ |

## سێیەم :

إدغـامی (( دوو پیتـی پێکــەوە گونجـاو )) ( متجانســین )

ئـەمیش پیتـی یەکـەمیان ناخوێنرێتـەوە و دووەم شـــەددە وەر

ئەگرێت :

| پیتی ادغام | نموونە | سوورەت ئایەت |
|---|---|---|
| طاء + تاء | فَقَالَ أَحَطتُّ | النمل / ٢٢ |
| تاء + طاء | وَكَفَرَت طَّآيِفَةٌ | الصف / ١٤ |
| تاء + دال | أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا | يونس /٨٩ |
| دال + تاء | عَبَدتُّمْ | الكافرون / ٤ |
| لام + راء | وَقُل رَّبِّ | الإسراء / ٨٠ |
| ذال + ظاء | إِذ ظَّلَمْتُمْ | الزخرف / ٣٩ |

## چەند سەرنجێك :

١ ـ هەر سوورەتێك بە پیتی ( بـاء )ی سـاكن كۆتـایی هاتبێ ئەگەر بمانەوێ نەوەستین و بێنووسێنین بە ( بسم الله الرحمن الرحيم ) ی دوایەوە ، ئەوا إدغام ئەكرێت ، وەك :

وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لە کۆتایی سوورەتی ( العلق ) دا .

٢ ـ لە هەموو نموونەکانی پێشەود کە بۆ إدغامـان هێنایەوە ، سەرنج ئەددین هەندێکیان لەگەڵ إدغامەکەدا مینگەش واتە ( غنَة ) دروست ئەکا بەلاّم هەندێکیان نا .

جا ئەبێ وریا بیت ئەو پیتانەی کە مینگە دروست ئەکەن تەنها چوار پیتن کە وشەی ( ینمو ) دروست دەکەن، واتە : یاء ، نون ، میم ، واو .

٣ ـ ئەکرێ ( أحطت ) لە سوورەتی ( النمل ) ئایەتی ( ٢٢ ) دا شەددە ودرنەگرێت .

# إظهار

واتــه : دەرخســتنی هــەموو پیتێــك لــە شــوێنی دەرچوونیەوە بەبێ مینگە ( غنّة ) .

پیتەكانی إظهار شەشن كە ئەمانەن :

( همزة ، هاء ، عين ، غين ، حاء ، خاء ) .

هەر كاتێ یەكێ لەم پیتانە بە دوای ( نوونی ساكن ) یا ( تنوین ) دا هات ، ئـەوا پێویسـتە بـە گورجیـی نوونەكـە بوترێ و بە تەواویی دەربخرێ ، نابێ لەسـەری بوەسـتین تـا مینگـە دروسـت نـەبێت .. جـا بـا نموونـە بـۆ هــەموویان بهێنینەوە :

| پیتی إظهار | نموونه | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | همزة | |
| نْ + همزة | مِنْ أَيِّ شَيْءٍ | عبس / ١٨ |
| ـٌ + همزة | طَعَامٌ إِلَّا | الغاشية /٦ |
| ـً + همزة | كُفُوًا أَحَدٌ | الإخلاص / ٤ |
| ـٍ + همزة | حَاسِدٍ إِذَا | الفلق / ٥ |
| | هاء | |

| | | |
|---|---|---|
| نْ + هاء | مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ | المسد /٢ |
| ـٌ + هاء | سَلَٰمٌ هِيَ | القدر / ٥ |
| ـً+ هاء | جَهْرَةً هَلْ | الأنعام / ٤٧ |
| ـٍ + هاء | كُلَّ يَوْمٍ هُوَ | الرحمن / ٢٩ |
| | عين | |
| نْ + عين | مِنْ عَلَقٍ | العلق / ٢ |
| ـٌ + عين | يَوْمٌ عَسِيرٌ | المدثر / ٩ |
| ـً + عين | طَبَقًا عَن | الانشقاق / ١٩ |
| ـٍ + عين | يَوْمَئِذٍ عَنِ | التكاثر / ٨ |
| | غين | |
| نْ + غين | مِنْ غِسْلِينٍ | الحاقة / ٣٦ |
| ـٌ + غين | فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ | التين / ٦ |
| ـً+ غين | مَآءً غَدَقًا | الجن / ١٦ |
| ـٍ + غين | مَآءٍ غَيْرِ | محمد / ١٥ |
| | حاء | |
| نْ + حاء | مِنْ حَيْثُ | القلم / ٤٤ |
| ـٌ+ حاء | نَارٌ حَامِيَةٌ | القارعة /١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ـَ + حاء | نَارًا حَامِيَةً | الغاشية / ٤ |
| ـِ + حاء | مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ | الحاقة / ٢٠ |
| | خاء | |
| نْ + خاء | مِّنْ خَوْفٍ | قريش / ٤ |
| ـٌ + خاء | كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ | النازعات / ١٢ |
| ـً + خاء | أَزْوَٰجًا خَيْرًا | التحريم / ٥ |
| ـٍ + خاء | ذَرَّةٍ خَيْرًا | الزلزلة / ٧ |

## تێبینیی :

**یەکەم :** نموونە بۆ روودانی ( إظــــهار ) کـە لـە یـەك وشەدا روو بدات وەکو : ( ینهَونَ ، یَنأونَ ، مُنخَنقَة ) .

هەروەها پیتەکانی ( إدغام ) ئەگەر لە یەك وشــەدا هـاتن بـەدوای نوونـی سـاکن‌دا دیسـان نوونەکـە إظـــــهار ئەکرێت ، وەکو : ( صنوان ، دنیا .. .. ) .

**دووەم :** بە سـەیرکردنی قورئــانی تجویدکـراو سـەبارەت بە إظهار ئەمانەمان بۆ روون دەبێتەوە :

أ ـ نوونــی ســاکن ، ســکون ( زەنــە ) ی بەســەرەوە نووسراوە .

ب ـ تنوینی مضموم ضمەیەکی بەرەو خوار و یەکێکی بەرەو ژوور بۆ کراوە ـٌـ .

ج ـ تنوینی مفتوح و مکسور ، دوو فتحەکە یا دوو کسرەکەیان بە ڕێکیی نووسراون ـً ، ـٍ .

د ـ ئەگەر دوا بە دوای تنوین پیتێکی ساکن هات ئەوا تنوینەکە کسرە وەردەگرێ بە یاسای بە یەك گەیشتنی دوو پیتی نەجووڵاو ( إلتقاء الساكنين ) ، بۆ وێنە :

| تنوین و پیتی ساكن | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| + پیتی ساکن | وَأَمْوَٰلٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا | التوبة / ٢٤ |
| + پیتی ساکن | وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا | الحديد / ٢٧ |
| + پیتی ساکن | يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ | القيامة : ٣٠ |

# إخفاء

واتە : شاردنەوە . بە بێ ژماردنی پیتی ( ئەلف ) پیتەکانی زمانی عەرەبیی ( ٢٨ ) پیتن . جا دوای جیا کردنەوەی ( ٦ )پیتی ادغام و ( ٦ ) ی إظهار و ( ١ ) پیتی اقلاب ، پانزە پیتیان دەمێننەوە و هەرکامیان هات بە دوای نونی ساکن یا تنوین دا ئەوا ( إخفاء ) ی دەکەن ،

نیتر سا نوونی ساکن و پیتی إخفاء له یەك وشەدا بن یا هەریەکە لە وشەیەكدا بن .

## إخفاء چۆن دەکرێت ؟

( إخفاء ) یان شاردنەوە ، دەکەوێتە نێوان ( إدغـلم ) و (إظـــهار ) ەوە ، واتـە نــە تێهـەڵکێش دەکـرێ ، نـە ئاشکرایش دەکرێ . کەواتە ( إخفاء ) بریتی‌یە لە بە دەما هێنانی پیتێکی ساکن بە مەرجێ نیوەی نوونەکە لە دەما دەرکەوێ و نیودشی بدرێ بـە لـووت تـا مینگـە ( عنـــة ) دروسـت دەبێـت ، بـەڵام بـەبێ ئـەودی لـە هیـچ کـاتێكدا شەددە دروست ببێ .

دیارە ئەمە پێویستیی بە ودستان هەیە لەسەر نوونەکە تا مینگە دروست ببێت .

پانزە پیتەکەش ئەمانەن :

( تاء ، ثاء ، جیم ، دال ، ذال ، زای ، سین ، شین ، صاد ، ضاد ، طاء ، ظاء ، فاء ، قاف ، کاف ) .

وا لە خوارەوەش‌دا نموونەیان بۆ ئەهێنینەوە :

| پیتی إخفاء | نموونە | سووردت ئایەت |
|---|---|---|
| | تاء | |

| | | |
|---|---|---|
| نْ + ت | أَنتُمْ | الكافرون / ٣ |
| نْ + ت | مِن تَحْتِهَا | البروج / ١١ |
| ـٌ + ت | جَنَّٰتٌ تَجْرِى | البروج / ١١ |
| ـً + ت | نَارًا تَلَظَّىٰ | الليل / ١٤ |
| ـٍ + ت | يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ | الزلزلة / ٤ |
| | ثاء | |
| نْ + ث | مَّنثُورًا | الأنسان / ١٩ |
| نْ + ث | مَن ثَقُلَتْ | القارعة / ٦ |
| ـٌ + ث | شِهَابٌ ثَاقِبٌ | الصافات / ١٠ |
| ـً + ث | مَآءً ثَجَّاجًا | النبأ / ١٤ |
| ـٍ + ث | مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ | التكوير / ٢١ |
| | جيم | |
| نْ + ج | نُنجِيكُمْ | الصف / ١٠ |
| نْ + ج | مِّن جُوعٍ | قريش / ٤ |
| ـٌ + ج | عَيْنٌ جَارِيَةٌ | الغاشية /١٢ |
| ـً + ج | حُبًّا جَمًّا | الفجر / ٢٠ |
| ـٍ + ج | أُمَّةٍ جَاثِيَةً | الجاثية / ٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| | دال | |
| نْ + د | عِندَ رَبِّهِمْ | البينة / ٨ |
| نْ + د | مِّمَّن دَعَآ | فصلت / ٣٣ |
| ـٌ + د | ضُرٌّ دَعَا | الزمر / ٨ |
| ـً + د | دَكًّا دَكًّا | الفجر / ٢١ |
| ـٍ + د | مَّآءٍ دَافِقٍ | الطارق / ٦ |
| | ذال | |
| نْ + ذ | فَأَنذَرْتُكُمْ | الليل / ١٤ |
| نْ + ذ | مَن ذَا ٱلَّذِى | البقرة / ٢٥٥ |
| ـٌ + ذ | عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ | ابراهيم / ٤٧ |
| ـً + ذ | نَارًا ذَاتَ | المسد /٣ |
| ـٍ + ذ | يَوْمَئِذٍ | البلد / ١٤ |
| | زاى | |
| نْ + ز | أَنزَلْنَٰهُ | القدر / ١ |
| نْ + ز | مَن زَكَّىٰهَا | الشمس /٩ |
| ـٌ + ز | | |
| ـً + ز | وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا | الأحزاب / ٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ـً + ز | فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ | الرحمن / ٥٢ |
| | سين | |
| نْ + س | إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ | العصر / ٢ |
| نْ + س | مِّن سِجِّيلٍ | الفيل / ٤ |
| ـٌ + س | فَوْجٌ سَأَلَهُمْ | الملك / ٨ |
| ـً + س | سَلَٰمًا سَلَٰمًا | الواقعة / ٢٦ |
| ـٍ + س | عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ | التحريم / ٥ |
| | شين | |
| نْ + ش | أَنشَرَهُۥ | عبس / ٢٢ |
| نْ + ش | مِن شَرِّ | الناس / ٤ |
| ـٌ + ش | غِلَاظٌ شِدَادٌ | التحريم / ٦ |
| ـً + ش | سَبْعًا شِدَادًا | النبأ / ١٢ |
| ـٍ + ش | ذَرَّةٍ شَرًّا | الزلزلة / ٨ |
| | صاد | |
| نْ + ص | يَنصُرْكُمْ | محمد / ٧ |
| نْ + ص | عَن صَلَاتِهِمْ | الماعون / ٥ |
| ـٌ + ص | جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ | المرسلات / ٣٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ـُـ + ص | صَفًّا صَفًّا | الفجر ٢٢ |
| ـٍـ + ص | بِرِيحٍ صَرْصَرٍ | الحاقة ٦ |
| | ضاد | |
| نْ + ض | مِن ضَرِيعٍ | الغاشية ٦ |
| ـٌـ + ض | قِسْمَةٌ ضِيزَىٰ | النجم ٢٢ |
| ـًـ + ض | عَذَابًا ضِعْفًا | ص ٦١ |
| ـٍـ + ض | قُوَّةٍ ضَعْفًا | الروم ٥٤ |
| | طاء | |
| نْ + ط | انطَلِقُوا | الانفطار ١ |
| نْ + ط | عَن طَبَقٍ | الانشقاق ١٩ |
| ـٌـ + ط | بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ | سبأ ١٥ |
| ـًـ + ط | شَرَابًا طَهُورًا | الإنسان ٢١ |
| ـٍـ + ط | سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا | الملك / ٣ |
| | ظاء | |
| نْ + ظ | فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ | الطارق ٥ |
| نْ + ظ | مِن ظُهُورِهِمْ | الأعراف ١٧٢ |
| ـٌـ + ظ | | |

| | | |
|---|---|---|
| ـــً + ظ | قُرًى ظَٰهِرَةً | سبأ / ١٨ |
| ـــٍ + ظ | لِبَعْضٍ ظَهِيرًا | الإسراء / ٨٨ |
| | فاء | |
| نْ + ف | كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ | القارعة / ٥ |
| نْ + ف | مِن فُطُورٍ | الملك / ٣ |
| ـــٌ + ف | إِطْعَٰمٌ فِي | البلد / ١٤ |
| ـــً + ف | ضَآلًّا فَهَدَىٰ | الضحى / ٧ |
| ـــٍ + ف | رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ | الجن / ٢٧ |
| | قاف | |
| نْ + ق | أَنقَضَ | الشرح / ٣ |
| نْ + ق | مِن قَبْلِهِۦ | يوسف / ٣ |
| ـــٌ + ق | كُتُبٌ قَيِّمَةٌ | البينة / ٣ |
| ـــً + ق | عَذَابًا قَرِيبًا | النبأ / ٤٠ |
| ـــٍ + ق | ذَنۢبٍ قُتِلَتْ | التكوير / ٩ |
| | كاف | |
| نْ + ك | وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ | التكوير / ٢ |
| نْ + ك | مِّن كُلِّ | القدر / ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ـــً + ك | وَأَجْرٌ كَبِيرٌ | الملك / ١٢ |
| ـــً + ك | كَأْسًا كَانَ | الإنسان / ١٧ |
| ـــٍ + ك | نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ | العلق ١٦ |

جگە لەمانــەش إخفایـەكی تریشـمان هەیـە كـە هـەر كاتێ میمی ساكن پیتی بائی هات بە دوادا روو دەدات، بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر میمەكـە، كـە سـاكنە ئـەودندە بووەستین هـەتا دەنگەكـەی بدرێ بـە لـووت و مینگـەش دروست ببێ . بۆ وێنە :

| پیت | نموونە | سوورەت ئایەت |
|---|---|---|
| میمی ساكن + ب | تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ | الفیل / ٤ |

## تێبینی :

گەر سەیری قورئانی تـەجویدكراو بكـەین سـەبارەت بـە (إخفاء ) دەبینین :

أ ـ نوونی ساكن لە كاتی ( إخفـــاء ) دا سـكوونی بـۆ نەكراوە .

ب ـ تنوینی مضموم جەرودك إدغام بە دوو ضمـــەی یەك لە دوای یەك دیاریی كراوە : ـــٌ

ج ـ تنوینی منتوح و مکسور فتحه و کسرەکانیان وەك
حی إدغام فیچ خراوە : ـًـ ، ـٍـ .
د ـ ئەو میمە ساکنەی پیتی باء بێت بە دوایا و
(إخفاء ) دروست دەکات ، سکونەکەی بۆ نەکراوە.

# إقلاب

واتە : هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی پیتێك بە پیتێکی تر بە مەرجێ مینگە دروست ببێ . ( إقلاب ) وەکو وتمان یەك پیتی هەیە کە ئەویش پیتی ( باء ) ە ، هەر کاتێ هات بە دوای نونی ساکن یا تنویندا نوونەکەیان دەگۆڕێ بە میم ، بە وێنەی ئەو جۆرە إخفایەش کە لە هاتنی باء بە دوای میمی ساکندا پێویستە ئەوەندە لەسەر میمەکە بوەستین هەتا مینگە لە لووتدا دروست دەبێ . ئەوەش بزانین لە ناو یەك وشە و دوو وشەدا ( إقلاب ) روو دەدات :

| پیتی إقلاب | نموونە | سوورەت ، ئایەت |
|---|---|---|
| نْ + ب | لَيُنبَذَنَّ | الهمزة / ٤ |
| نْ + ب | مِنْ بَعْدِ | البينة / ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ـً + ب | سَآئِلٌ بِعَذَابٍ | المعارج / ١ |
| ـٍ + ب | أَسْفَاراً بِئْسَ | الجمعة / ٥ |
| ـٍ + ب | يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ | الفجر / ٢٣ |

**تێبینی :**

کاتێ سەرنجی قورئانی تەجویدکراو بدەین سەبارەت بە ( إقلاب ) دەبینین :

أ ـ نونی ساکن کە إقلاب بکرێ لە جیاتی سکوونەکەی میمێکی بچووکی کۆتایی لەسەر نووسراوە .

ب ـ تنوینی مضموم و مفتوح و مکسور هەرکامیان إقلاب کران ، ضمەیەك یا فتحەیەك یا کەسرەیەکی لادەچێ و لە شوێنیان میمێکی بچووکی کۆتایی دەنووسرێت .

ج ـ ئەو سوورەتانەی کە بە تنوین کۆتاییان هاتووە ئەوانیش میمێکی إقلابیان بۆ کراوە بۆ کاتێ گەر خوێنەر بیەوێ سوورەتەکە ببەستێ بە سوورەتی دوایەوە و دەست بە خوێندنی ( بسم الله الرحمن الرحيم ) بکات . بۆ وێنە :

كفواً أحدٌ بسم الله الرحمن الرحيم قل اعوذ بــــرب الفلق .    الإخلاص ٤ . الفلق ١

# پیتی ( راء )

پیتی ( راء ) بە سێ شێوە ئەخوێنرێتەوە :

هەندێ قەڵەو و هەندێ بچووك و هەندێکیش بە هەردوو شێوەکە .

أ ـ ئەوانەی بە ئەستووریی ( قەڵـەویی ) ئەخوێنرێنـەوە ئەمانەن :

١ ـ پیتی راء کە ضمەی بەسـەرەوە بێت وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | نَصۡرُ ٱللَّهِ | النصر / ١ |

٢ ـ پیتی راء کە فتحەی بەسەرەوە بێت وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | بِرَبِّ ٱلنَّاسِ | الناس/١ |

٣ ـ رائی ساکن و پیتی پێشەوەی ضمەی بەسەرەوە بێ وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | زُرۡتُمُ | التكاثر/٢ |

٤ ـ رائی ساکن و پیتی پێشەوەی فتحەی بەسەرەوە بێ

وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | وَٱنْحَرْ | الكوثر / ٢ |

٥ ـ رائی ساکن و پیتی پێشەوەی کسرەیەکی کاتیی (عارض) لە ژێریا بوو ، وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | ٱرْجِعِيٓ | الفجر / ٢٨ |

ب ـ ئەو رائەش کە بە بچووکیی یان باریکیی ئەخوێنرێتەوە ئەمانەیە :

١ ـ کەسرەی لە ژێردا بێت و لە هەر شوێنێکی وشەدا بێت جیاوازیی نیە ، وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | رِحْلَةَ | قريش /٢ |
| | وَٱلْمُشْرِكِينَ | البينة / ١ |
| | صُدُورِ | الناس / ٥ |

٢ ـ پیتی ( یاء ) ی لین لە پێشەوە هات و لەسەر رائەکە وەستاین و ساکن بوو ، وەك :

| | نموونه | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | لَخَبِيرٌ | العاديات ١١ |

٣ ـ رانەکە ساکن بێت و لە پێشیەوە پیتێك هاتبێ کسرەی ( أصلي ) لە ژێردا بێت ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| فِرْدوس | فِرْعون | مِرْية |

ج ـ بەڵام ئەگەر یەکێ لە پیتی ( إستعلاء ) کە ئەمانەن : ( طاء ، صاد ، قاف ، ضاد ، ظاء ، غين ) . هات بە دوایدا و خۆی ساکن و پێشەکەی کسرەیەکی أصلي هەبوو ئەوا مارد هەیە بە قەڵەویی و بە باریکییش بخوێنرێتەوە ، وەك :

لبالمِرْصاد ، قِرْطاس ، فِرْقَة .

# مَدّ

واتە : درێژکردنەوەی دەنگ . ئەمەش بە پیتێك لە پیتەکانی درێژ کردنەوەی دەنگ دەبێت .

( مد ) دەکرێ بە دوو بەشەوە :

**مدّی أصلي و ، مدّی فرعي .**

أ ـ مدی **أصلي** : واتە مەددی **طبیعي** ( سروشتیی ) کە بە یەکێ لە پیتەکانی درێژکردنەوە دروست دەبێ .

پیتەکانی درێژکردنەوە سیانن :

یەکەم : واوی ساکن کە پێشەوەی پیتێك بێت ضمەی بەسەرەوە بێت .

دووهەم : ئەلفی ساکن کە پێشەوەی پیتێك بێت فتحەی بەسەرەوە بێت .

سێهەم : یائی ساکن کە پێشەکەی پیتێك بێت کە کەسرەی لە ژێردا بێت .

پێویستە مەددی **طبیعي** لە سنووری خۆی زیاد و کەمی پێ نەکرێ ، کە بریتیی لە یەك ئەلف واتە دوو (حرکە) لە هەموو کاتێكدا ، واتە لە کاتی ودستان و

ئەوەستاندا .. بە پێی شەرع کورت کردنەوەی لە ئەلفێك حەرامە ، وەکو:

قَالَ ، يَقُولُ ، قِيلَ .

ب ـ مەددی فرعـــي : هەموو درێژکردنەوەیەك ئەگرێتەوە کە لە مەددی طبيعي درێژ تر بێت ، سا ئیتر بە هۆی هەمزەوە بێت یان سکوونەوە .

مەددی فرعي دەکرێت بە سیانزە بەشەوە :

١ ـ المد الواجب المتصل :

ئەودیە کە پیتی مـەدد و ھمزەکە لە یەك وشەدا بن وەك:

| | نموونە | سوورەت / ئايەت |
|---|---|---|
| | إِذَا جَاءَ | النصر / ١ |

٢ -المد الجائز المنفصل :

ئەوەیە کە پیتی مەدد لە کۆتایی وشەیەكدا بێت و همزەکەش لە سەرەتای وشەیەکی تردا .. ئەمە بۆمان هەیە وەك مەددی یەکەم درێژی بکەینەوە یا وەك مەددی طبيعي کورت بێت .

ئەشتوانین بە دوو حرکە یا چوار یا پێنج بیخوێنینەوە ،
وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئايەت |
|---|---|---|
| | قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ | الكافرون / ١ |

٣ ـ المد العارض للسكون :

لە کاتێكدا دروست نەبێ کە بەسەر وشەکەوە بودستین و لە پێش پیتی کۆتاییدا پیتێك لە پیتەکانی مەدد هاتبێ، واتە : ( واو ، یاء ، ألف ) . ئەتوانین شەش یان چوار یان دوو حرکە درێژی بکەینەوە ، بەلاّم شەشەکە باشتر و تەواوترە ، وەك :

| | نموونە |
|---|---|
| یاء | بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ |
| ألف | بِرَبِّ ٱلنَّاسِ |
| واو | قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ |

خۆ ئەگە لەسەری نەوەستاین ، ئەوا مەددێکی طبیعییە .

٤ ـ المد البدل :

لە مەددەکانی تردا پیتی مد هەمزەی ئەهات بە دوادا، بەڵام لەمەدا هەمزەکە وا لە پێشەوە و پیتی مەدد دێت بە دوایدا .. ئەم مەددە لەم خوێندنەوەدا کە ئێمە دەیخوێنینەوە دوو حرکەی هەیە ، واتە هەر وەك مەددی طبیعی‌یە . جا ئەگەر لە قورئانی تجویدکراودا ئەوانەی کە بە ئیملای عوثمانیی نووسراون سەیر بکەین ئەوا ئەم مەددەمان لەگەڵ ئەلف دا بۆ دەردەکەوێ ، چونکە همزە و پیتی ئەلف جیا کراونەتەوە :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| همزه + ألف | ءَامَنُوا۟ | العصر / ٣ |
| همزه + ياء | لِإِيلَٰفِ | قريش / ١ |
| همزه + واو | يُرَآءُونَ | الماعون / ٦ |

٥ ـ المد العوض :

کاتێك بەسەر تنوینی مفتوح ەوە بووەستین ، تنوینەکەی نامێنێت و تەنها ئەلفەکە ئەخوێنینەوە ، ئەمەش بە وێنەی مەددی طبیعي دوو حرکە درێژ دەکرێتەوە ، وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| أَفْوَاجَا | أَفْوَاجَا | النصر / ٢ |

٦ ـ المد اللازم المثقل الكلمي :

كاتێك كە پیتێكی شەددەدار بەدوای پیتی مەددا هات، پێویستە بە قەد سێ ئەلف ، واتە شەش حركە دەنگمان درێژ بكەینەوە . بۆ نموونە :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| پیتی ئەلف | ٱلضَّآلِّينَ | الواقعة / ٩٢ |
| پیتی واو و پیتی ئەلف | أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي | الأنعام / ٨٠ |

ئەم نموونەی دواوە دوو مەددی تیایە و هەردووكیان لە جۆری شەشەمن .

٧ ـ المد اللازم المخفف الكلمي :

ئەگەر دوای پیتی درێژكردنەوە پیتێكی ساكن هات دەبێت دەنگ درێژ بكەینەوە ، وەك :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | ءَآلْـَٰٔنَ | یونس / ٥١ ، ٩١ |

٨ ـ المد اللازم الحرفي المشبع :

هەندێ لەو پیتانەی كە دەكەونە سەرەتای هەندێ سوورەتی قورئانی پیرۆزەوە ، دەنگیان درێژ دەكرێتەوە ، ئەم مەددە دوو بەشە :

أ ـ مخفف . ب ـ مشبع .

ئەم مەددە لەم پیتانەدا روو دەدات کە خوێندنەوەکەیان سێ پیتە : ( نون ، قاف ، صاد ، عین ، ســـین ، لام ، کاف ، میم ) کە ئەم دوو وشەیە دروست دەکەن : ( نَقَصَ عَسَلُكُم ) .

بۆ نموونە پیتی ( صَ ) هەڵدەبژێرین کە خوێندنەوەکەی سێ پیتە و دووهەم پیتی کە ئەلفە پیتی مەددە و سێهەمیشی پیتێکی نەجوولە ، واتە بێ حرکەیە . بۆیە دەڵێین : ( صآد ) و بەمە مەددی مخفف دروست دەبێت .

بەلام لە کاتی خوێندنەوەی کۆمەڵە پیتی ( ألم ) دا پیتی لامیش بە سێ پیت دەخوێنرێتەوە و ، پیتی دووهەمیان کە ئەلفە پیتی مەددە و ، کۆتاییەکەیشی میمی نەجوولاوە ، جا میمی ساکنی کۆتایی ( لام ) و میمی یەکەمی پیتی میم لە ( ألم ) دا إدغام دەکرێت و دەبێتە مەددی لازمی حرفي مشبع ، بەلام ئەگەر إدغامەکە روو نەدات ئەوە مەددی مخففە وەك لە خوێندنەوەی میمی ( ألم ) دا بۆمان دەردەکەوێت . کەواتە لە ( ألم ) دا

دوو مەددمان هەیە : یەکەمیان مشبع ە کە مەددی پیتی (لام) و دووهەمیشیان مخففە کە مەددی پیتی ( میم ) ە .

هەشت پیتی ( نقص عسلکم ) چواریان لە کاتی خوێندنەوەیان دا ناوەڕاستیان ئەلفە کە ئەمانەن :

( قاف ، صاد ، لام ، کاف ) .

دوانیشیان ناودڕاستیان یانە کە ئەمانەن :

( میم ، سین ) .

یەکێکیشیان ناوەڕاستەکەی واوە کە ئەویش ( نون ) ە .

| | نموونە | سوورەت ئایەت |
|---|---|---|
| ق | قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ | ق / ١ |
| ص | صٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ | ص / ١ |
| ل | الٓمٓ | البقرة / ١ |
| ك | كٓهيعٓصٓ | مريم / ١ |
| م | الٓمٓ | البقرة / ١ |
| س | يسٓ | يس/١ |
| ن | نٓ وَٱلۡقَلَمِ | القلم / ١ |

ئەم حەوت پیتە پێویستە شەش حرکە واتە سێ ئەلف درێژ بکرێنەوە .. بەلام پیتی هەشتەم کە پیتی ( عین ) د

وەك لە سەرەتای سوورەتی ( مريم ) و ( شوری ) دا نەیبینین بە دوو شێوە درێژ دەکرێتەوە :

سێ ئەلف یا دوو ئەلف بەڵام درێژکردنەوەی ئەوەندەی سێ ئەلف باشترە .

٩ ـ المد اللازم المخفف الحرفي :

ئەمیش ئەوەندەی مەددی طبیعي واتە : دوو حرکە پێویستە درێژ بکرێتەوە .. پاشماوەی ئەو پیتانەی کە لە مەددی مشبعدا باس کران و نەکەونە دەست پێ کردنی هەندێ لە سوورەتەکانەوە پێویستە بەم شێوە درێژ بکرێتەوە،ئەو پیتانەش ئەمانەن :

( ح ، ي ، ط ، هـ ، ر ) .

| | نموونە | سوورەت |
|---|---|---|
| پیتی حاء | حمٓ | فصلت |
| پیتی یاء | یسٓ | یس |
| پیتی طاء و هاء | طه | طه |
| پیتی راء | الٓر | إبراهيم |

١٠ـ المد اللين :

دوو پیتی هەیە ( واو ، یاء ) بە مەرجێ :

أ ـ پیتی پێشی فتحەی بەسەرەوە بێ .

ب ـ خۆی ساکن بێ .

ج ـ لەسەر وشەکە بوەستین .

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| | مِّنۡ خَوۡف | قریش / ٤ |
| | هَٰذَا ٱلۡبَيۡت | قریش / ٣ |

## ١١ ـ مد الصلة :

ئەگەر یەکێ قورئانی دەست نووسی تجویدکراوی دەست کەوێ جاروبار پیتی ( واو ) و ( یاء ) ی بە رەنگی سوور نووسراوی بەرچاو دەکەوێ کە پیتی ( واو ) دوای پیتی (هاء) هاتووە کاتێ ضمەی بەسەرەوە بێت ، پیتی ( یـاء ) یش کاتێ کسرەی لە ژێردا بێت .

بەڵام قورئانە چاپ کراوەکان لەبەر نەتوانین ئەم دوو پیتەیان هەر بە رەش نووسیوە بەڵام بچووك‌ترن ، کە پیتی ( یاء ) بەم شێوەیە ( ـے ) و واوەکەش لە ضمە گەورەتر و لە ( واو ) بچووك‌تر نوسراوە ، ئەبێ بزانین بۆ ژماردنی پیتەکانی قورئان ئەم دوو پیتە ناژمێررێن ، هەروەك ئەلفی

مقصورد یانی کورت کراوەی وشەی ( العلمین ) لە سووردتی ( الفاتحة ) دا .

پاشان دوو پیتی ( واو ) و ( یاء ) ی بچووك دوای هانی ضمیر دوو شێوەی هەیە :

١- کورت : ئەمەش بە قەد مەددێکی طبیعي درێژ ئەکرێتەوە .

مەرجەکانی دروست بوونی :

أ- پیتی پێش هانی ضمیر حرکەی هەبێت وەك :

| | نموونە | سووردت / ئایەت |
|---|---|---|
| | لَهُۥ كُفُوًا | الأخلاص / ٤ |
| | بِهِۦ جَمْعًا | العاديات / ٥ |

بەڵام ئەگەر پیتی پێش ( هاء ) ەکە ساکن بوو ، یا پیتی مەدد ( و ، ا ، ي ) بوو ئەوا دوای ( هاء ) ەکە نە (و) و نە (ـے) ی پێویست نیە و مەددی صلە روو نادات.

| | نموونە | سووردت / ئایەت |
|---|---|---|
| پیتی ساکن + هاء ی ضمە دار | عَنْهُ | المسد / ٢ |
| پیتی ساکن + هاء ی کسرەدار | إِلَيْهِ | المعارج / ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| هەتا پێشتریش ساکن بێ | لَمْ يَنتَهِ | العلق / ١٥ |
| واو + هاء ی ضمه دار | تَجِدُوهُ | المزمل / ٢٠ |
| یاء + هاء ی کسرەدار | مِنْ أَخِيهِ | عبس / ٣٤ |
| ألف + هاء ی ضمەدار | هُوَ ٱللَّهُ | الإخلاص /١ |
| ألف + هاء ی کسرەدار | ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ | الفاتحة / ٢ |

جگە لە ئایەتی ( ٦٩ ) ی سوورەتی ( الفرقـــان ) کـە

هاء ی وشەی ( فیە ) درێژ دەکرێتەوە بەم شێوەیە :

فِيهِۦ مُهَانًا

ب ـ ئەگـەر دوای هـــاء همزەی وەصـل هـات ، ئـەوە

مەددی صلە ڕوو نادات :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| هاء ی ضمەدار + همزەی وصل | لَهُ ٱلدِّينَ | البينة / ٥ |
| هاء ی کسرەدار + همزەی وصل | إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ | الناس /٣ |

دیارە بۆ ئەم مەددە تەنها ( واو ) و ( یاء ) ەکـە بـە

رووتیی نووسراون و ناونیشانیان بەسەرەوە نییە .

٢ ـ درێژ : ئەگەر مەددی صلەی کورت همزەی قطع بە

دوایا هات ئەو کاتە ئەتوانین دوو حرکە واتـە ئـەلفێك هـەر

بە شێوەی مەددی صلەی کورت درێژی بکەینەوە ، ئەشتوانین پێنج حرکە واتە دوو ئەلف و نیو درێژ بکەینەوە وەك مەددی جائزی منفصل . بۆ ئەمەیان ( واو ) ەکە و ( یاء ) ەکە نیشانەی مەددیان بەسەرەوەیە ، وەك :

| | نموونە | سوورەت . ئایەت |
|---|---|---|
| واو | مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ | الهمزة / ٣ |
| یاء | وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا | المطففين / ١٢ |

١٢ ـ مد الفرق :

واتە جیاکەرەوە : کەوا بەم درێژکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت مەبەست لە پرسیارە نەوەك هەواڵدان . ئەم مەددە تەنها لە چوار شوێنی قورئانی پیرۆزدا هەیە کە ئەمانەن :

| | نموونە | سوورەت . ئایەت |
|---|---|---|
| ١ ، ٢ | قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ | الأنعام / ١٤٣ . ١٤٤ |
| ٣ | ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ | یونس /٥٩ |
| ٤ | ءَآللَّهُ خَيْرٌ | النمل / ٥٩ |

١٣ ـ مد التمكين :

ئەميش بريتی‌يە لە يەك‌گرتنی دوو پيتی ( يـــاء ) كـە يەكـەميان شـەددە و كەسـرەی هـەبێت و دووهـەميش بــە سكوونيی هاتبێ بە دوايا ، وەك :

| نموونە | سوورەت / ئايەت |
|---|---|
| حُيِّيتُم | النساء / ٨٦ |
| وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ | البقرة / ٦١ |

## پيتەكانی ( قلقلة )

پێنج پيتی ( قلقلة ) مان هەيە كە ئەمانەن :

( قاف ، طاء ، باء ، جيم ، دال ) .

كە جووتە وشەی ( قطب جد ) پێك دێنن .

قەلقەلە : بريتی‌يە لە دەنگێكـی گـەورە كـە لـە كـاتی ساكن بوونی يەكێ لەم پيتانە لــە دەم دەردەچێـت ، پاشـان ئەمەيش ئەكرێ بە دوو بەشەوە :

أ ـ قەلقەلەی بچـووك : ئەمـەش كاتێكـە سـكونی ئـەو پيتە أصلي بێت ، واتە هەميشـەيی . بۆ نموونە :

ق / يَقْطَعونَ
ط / يُطْعِمُونَ
ب / لَتُبْلَوُنَّ
ج / يَجْعَلُونَ
د / يَدْعُونَ

ب ـ قەلقەلەی گەورە : ئەمەشیان کاتێکە یەکێ لەم پیتانە بکەوێتە دوا وشەی خوێنیەن ، واتە لەسەری بوەستی. ئەمەیان پێویستە دەنگەکەی گەورەتر بێت . بۆ نموونە :

| | نموونە | سوورەت / ئایەت |
|---|---|---|
| ق | بِرَبِّ ٱلْفَلَقْ | الفلق / ١ |
| ط | وَرَآئِهِم مُّحِيطْ | البروج / ٢٠ |
| ب | كَسَبْ | المسد / ٢ |
| ج | ذَاتِ ٱلْبُرُوجْ | البروج / ١ |
| د | إِذَا حَسَدْ | الفلق / ٥ |

# سكته

بە پێی خوێندنەوەی ( حفص ) لە قورئاندا چوار (سکتە) هەیە کە بریتی‌یە لە وەستانێکی زۆر کەم و هەناسەی تیا نادرێت ، کە ئەمانەن :

١ - عِوَجَاۜ ﴿١﴾ قَيِّمًا الكهف /١

ئەگەر لەسەر ئایەتەکە نەوەستاین ئەم سکتەیە روودەدات و إخفاء ناکرێ ، بەڵام ئەگەر لەسەری وەستاین وەك شوێنەکانی تر دەکرێتە مەددی ( عوض ) .

٢ - مَّرْقَدِنَاۜ هَٰذَا يس / ٥٢

٣ - وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ ﴿٢٧﴾ القيامة / ٢٧

بەم سکتەیە إدغام ناکرێت .

٤ - بَلْۜ رَانَ المطففين / ١٤

ئەمیش إدغام ناکرێت .

٥ - سەکتەیەکی ترمان هەیە کە جائزە إدغامیش بکرێت : مَالِيَهْۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ الحاقة / ٢٨ ٢٩

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

جەمادی یەکەم / ١٤٠٠ ك

نیسان / ١٩٨٠ ز

سیروان

سـۆز
کتێبخـــانەی

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆز

سلێمانیی ـ شەقامی صابوونکەران ـ بازاڕی گۆیژە

ژمارەی سپاردن : ٤٦٧ ساڵی ٢٠٠٤ ی پێدراوە
لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری

# ئەم نووسراوە

ئازیزەکانم، جگەرگۆشەکانی قورئانی پیرۆز!
بە پێی توانای خۆتان هەوڵ بدەن خۆتان لە
خوێندنەوەی قورئانەکەتان شارەزا بکەن و دوای
ئەوە دەست بدەنە شارەزابوون لە ڕاستییەکانی
ئیمان و قورئـــان. تـــا - بە کۆمەکیی خوا -
سەرفرازیی قیامەت مسۆگەر بکەن و ببش بنــە
ڕۆڵەیــەکی بەوەفای موســڵمانان و هــەوڵێکی
بێ وچان بدەن بۆ هیدایەت دانی مرۆڤایەتیی،
بەهیوای پاداشتی خوای گەورەوە.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆز
لە سلێمانی